

توانا ئەمین

# غەمگینیی؛ وەک مەقامێکی ڕۆحیی..

چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر شێخ حەسیب نوسیبووی «من ئازاری خۆم خۆشئەوێ و ماکی خۆمە» لەڕاستیدا دەستدان لەم (ماک)ە دەستدانە لەدیوێکی تاریک و گەورەی ناوەوەی ئینسان. دیوێک کە لەوجودماندا هەڵمانگرتووەو ڕوژانە لەگەڵ خۆمانا دەیگێڕین. بەڵام زۆر کەم و جارجارە نەبێ لەم پاژە ئاڵوزو گرنگەی خۆمان بینا نەبووین. ئیدی یا ناوێرین و جەسارەتسزین، یان چاومان لەوە کەمتینترە بەم قوڵاییەدا شوڕبیبێتەوە.

غەمگینیی (Dejection) ئەپستمێکی سروشتی مرۆڤە کە جارێک وەک نیعمەتێکی بێ وێنەی ئیلاهی و جارێک وەک بەڵای بێ ئەمسال، خودا بە چەند دانەیەک بەو مەخلوقە زەحمەتدیدانەی خۆی ڕەوای فەرمووە.

بەبڕوای من بونیام هەموو ئایدیاو ئاینێک ڕەتبکاتەوە، تەنها بەکۆمەکی غەمگینییەکەی ناوخۆی وەک میتۆدێکی ناوەکیی دەتوانێت بە فەزیڵەتەوە بەردەوامبێت و نەکەوێ. ئەم قسانە هیچ دژایەتیەکیان لەگەڵ پێکەنیندا نییە و ئەویش وەک هونەرێکی سەختی شەڕی بەردەوامی تەماشادەکات. ئەوە لەکاتێکدا گەر لەیادمانبێت لە پێکەنین و گریانی ڕاستەقینەشدا مەخسەرەیەک چوارمشقی دانیشتووەو بە سەرنویشتی ئینسان پێدەکەنێ.

شۆپنهاور نوسیبووی «شتێک نییە بەناوی بەختەوەری، شتێک هەیە بەناوی ئازاری زۆر و ئازاری کەم» ئەم هوشیارییە بە ئازار مرۆڤ ناخات. نا بەپێچەوانەوە جورئەتی ئەوەی دەداتێ ڕوویەڕوو لەگەڵ حەقیقەتدا سەیری چاوی یەک بکەن و چاو نەتروکێنێ. من غەمگینیی وەک مەقامێکی ڕۆحیی سەیردەکەم، لاموایە پلەیەکی باڵایەولەبەختی هەمووکەسێکدا نییە، ئەگەرچی خودی گەوهەرەکە لەناو هەموو کەسێکدایە بەڵام حیکەمەت وا لە دۆزینەوەو پەروەردەکردنیا.

پەیوەندی نیوان غەمگینیی و عەقڵانیەتیش پەیوەندییەکی تەواوکارییەو بەدرێژایی زەمان یەکتریان بەرهەمهێناوە بەجۆرێ لای سپینوزا عەقڵ بەرامبەر دەبێت بە ئازار.. پێچەوانەی باوەڕی باو غەمگینیی ڕاستەقینە تاریکی نییە، بەڵکو جۆرێکە لە ئیشراق(Illumination) . ئازار نورێکە تێکەڵ بەعیرفان.

لەفەلسەفەی (سوهرەوەردی)دا نور بونیادی هەمووشتەکان پێکدەهێنێ، قسەی من ئەوەیە غەمگینیی ئەتۆمێکی بنچینەیی ئەو نورەیە. لەڕاستیدا وێناندنی غەمگینیی بە زوڵمەت لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە مرۆڤ لە دۆستایەتی لەگەڵ ئەم حاڵەتەداهەیبووە، پەیوەندیێوان ڕوناکی وغەمگینیی تەڤلهەڤ و قژقژە، کە هەمیشە یەکەم بێ دووەم کزو کەمتین و دووەم بێ یەکەم تارو کوشندەیە، بەداخەوە ئەم جێگایە لەوەتەنگترە ئەو پەیوەندییە فراوان و سەمیمییەی تیا شیبکەینەوە.

ئەوەی شێخی خەم لەهاوسەردەمەکانی جیادەکاتەوە تەنیا پەنجەخستنە سەر برینێکی قوڵی وەک دڵتەنگیی نییە، چوون بەدرێژای مێژوو شیعری ئێمە لالانەوە واوەیلابووە بەدەست خەمەوەو بەشێوەیەک ئاستی نوسینی داگرتۆتە خوارەوە کردویەتی؛ بە مادەیەکی عەنتیکەی خەمرەوێن! ئەوەی ئەم پیاوە جیادەکاتەوە لەوان وەرگرتنی خەمە وەک سوژەیەک و خوشویستن ولەگەڵ ژیانێتی. ئەم خەمدۆستییە دوورە لەو شرۆڤەیەی دەروونناسە کورتبینەکان بۆیاننکردووەو ناویان ناوە مازۆخیەت(Masochism) . یا دوورەو زۆر دووریشە لەو تیۆرەی (ئەمیل سیوران) کە خودای وەک سادیستێک و خوداپەرستەکانی وەک مازۆخیستێ تێدا وێنا دەکا. نا ئەمە ستاتیکای چیژە لە فەلسەفەی ئازار دا و حاڵەتێکی ڕۆحیی باڵایە کە بۆ تاوتوێ و ناسینی، جگە لە گەڕانەوە بۆ میتۆدێکی ڕۆحانیی هەر هەوڵیکی تر لەئاستیدا کورتە.

لە غەمگینیی دا چاونەترسییەکی کۆسمۆیی و بێباکییەکی سەرسوڕهێنەر بەرامبەر بە دونیا، ژیان، مەرگ، ئامادەیە. ئەو وادەکات سنگ بنێیت بەژیانەوە و باکت بەهیچ نەبێ، تا دڵ حەزیکا ژیانێکی شەرافەتمەندانە بژێیت.

هێشتا زووە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە سەختەی کە ئایا ژیان لە ئازاری پەتیدا گەیشتنە بە کەماڵ یان نا؟ لێ دواجار بەباوەڕی چکۆلانەی من؛ ئەمە کورتترین بەڵام زەحمەتترین ڕێی گەیشتنی ئینسانە بە خۆی و بە خوداش.